بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان

**هەرێمی كوردستانی عێراق**
**سەرۆكایەتی هەرێم**
**سەرۆك**

## بەناوی گەلەوە
## بڕیار
## ژمارە ( ٧ ) ساڵی ٢٠١٠

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی لەبڕگەی (١)ی ماددەی (١٠)ی یاسای سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان – عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ی هەمواركراو پێمان دراوە و ، بەپاڵپشتی ئەو یاساكارییەی پەرلەمانی كوردستان – عێراق كردویەتی لە دانیشتنی ژمارە (١٨) لە ٢٠١٠/٦/٢٣ بڕیارماندا بەدەركردنی :

## یاسای ژمارە ( ٧ )ی ساڵی ٢٠١٠
## یاسای هەمواركردنی یاسای ژوورە بازرگانی و پیشەسازییەكان
## لە هەرێمی كوردستان - عێراق ژمارە ( ١٤ )ی ساڵی ١٩٩٣

**ماددەی یەكەم :**

ماددەی سی و دووەم هەموار دەكرێ و ئەمەی خوارەوەی بۆ زیاد دەكرێ و دەبێتە بڕگەی (٣) بۆی :

٣- حوكمەكانی یاسای خزمەت و خانەنشینی مەدەنی كارپێكراو لە هەرێم ئەو فەرمانبەرانەی ژوورە بازرگانی و پیشەسازیانەی هەرێمیش دەگرێتەوە كە پێش جێبەجێكردنی یاسای ژمارە ( ٤٣)ی ساڵی ١٩٨٩ دامەزراون و لە خزمەت كردن بەردەوامن .

**ماددەی دووەم :**

ئەمەی خوارەوە بۆ سەر یاساكە زیاد دەكرێ و دەبێتە ماددەی سی و سێیمی ( دووبارە) :

مافی ئەو كەسانەی كە حوكمەكانی بڕگەی (٣) لە ماددەی یەكەمی ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە لە بەڕێوەبەرایەتی خانەنشینی و بیمەی كۆمەڵایەتی سەر بە وەزارەتی كارو كاروباری كۆمەڵایەتی بۆ بەڕێوەبەرایەتی خانەنشینی گشتی سەر بەوەزارەتی دارایی و ئابوری هەرێم دەگوازرێتەوە .

**ماددەی سێیەم :**

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەكان حوكمەكانی ئەم یاسایە جێبەجێ بكەن .

**ماددەی چوارەم :**

ئەم یاسایە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقائیعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێ .

**مسعود بـارزانی**

**سەرۆکی هەرێمی کوردستـان – عێراق**

<u>هەولێر</u>

٨/ تەمموزی /٢٠١٠ی زایینی

١٧/ پوشپەڕ / ٢٧١٠ی کوردی

٢٦/ رجب / ١٤٣١ی کۆچی

## هۆیە پێویستەکانی دەرچوواندنی

بۆ ئەوەی بەش خوراوی توێژێك لە فەرمانبەرانی یەکێتی ژووره بازرگانی و پیشەسازی لە هەرێم ، لەوانەی کە لەپێش جێبەجێ کردنی یاسایی ژمارە (٤٣)ی ساڵی ١٩٨٩ لە خزمەت کردن بەردەوامن ، هەڵبگرێت و حوکمی یاساکانی خزمەتی مەدەنی بەرکار لە هەرێم بیانگرێتەوە ، ئەم یاسایە دەرچوێندرا .